گەڕی دووەمی گفتوگۆکانی نێوان شاندی ئێران و ئەمریکا سبەینێ لە ڕۆما بەڕێوەدەچێت

بڕیارە سبەینێ دووەم کۆبوونەوەی نێوان شاندی ئێران و ئەمریکا لە ڕۆمای پایتەختی ئیتاڵیا بەڕێوەبچێت.

وەزارەتی دەرەوەی عومان بڵاویکردۆتەوە: گەڕی دووەمی گفتوگۆکانی نێوان شاندی ئێران و ئەمریکا سبەینێ لە ڕۆما بەڕێوەدەچێت.

بڵاویشیکردۆتەوە: ئامانجی سەرەکی گفتوگۆکان ئەوەیە بەرەوپێشچوونی زیاتر لەنێوان ئێران و ئەمریکا دروست بکرێت بۆ ئەوەی بگەنە ڕێککەوتنێکی دادپەروەرانەو بەردەوام سەبارەت بە دۆسیەی ئەتۆمی ئێران.

وەزارەتی دەرەوەی عومان جەختیشی کردۆتەوە، کە بەهەمان شێوە لە کۆبوونەوەی ڕۆماش ڕۆڵی نێوەندگیر دەبینن لەنێوان ئێران و ئەمریکادا.

ڕۆژی شەممەی ڕابردوو یەکەم گەڕی گفتوگۆکانی نێوان شاندی ئێران و ئەمریکا لە وڵاتی عومان بەڕێوەچوو.